وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
اربيل /رئاسة جامعة صلاح الدين
كليـــة الإدارة و الإقتصاد



# Financial Markets

# الاسواق العامة

# بازاڕه داراییه كان

fppt.com

# سەرەتايەك لەبارەی بۆرسەی كاغەزە داراييەكان

- **يەكەم: بازاڕ**

١. **پێناسەی بازاڕ**: بريتييە لەو شێوازەی كە بەهۆيەوە دەتواندرێت كڕين و فرۆشتنی كاڵاو خزمەتگوزاری و هەبووە داراييەكانی وەك (پشك و قەواڵەكان)ی تێدا ئەنجام بدرێت.



fppt.com

## ١. پێکهاتەکانی بازاڕ

- پێویستە ئەم پێکهاتانە کۆ ببنەوە تا بازاڕ دروست ببێت، کە بریتییە لە :-

  أ بوونی کاڵا یان خزمەتگوزاری یاخود هەبووی دارایی، یان توانای پەیداکردنیانی هەبێت.

- ب) بوونی کڕیارەکان.

  أ بوونی فرۆشیارەکان.

  ب بوونی ناوەندکارەکان ،کە بریتین لە بەیەك گەیاندنی نێوان مامەڵەچییەکان.

  ج بوونی داب و نەریت و ئەو ڕێسایانەی کە مامەڵەی پێدەکرێت.



fppt.com

• لەمانە تێبینی ئەوە دەکرێت، کە بازاڕ بریتییە لە شێوازێك نەك شوێن، چونکە مەرج نیە بازاڕ شوێنی دیاریکراوی هەبێت. زۆرجار هەیە مامەڵەکردن لە ڕێگەی تەلەفۆن یان ئینتەرنێت ئەنجام دەدرێت.

• ئەمەش مانای ئەوە نییە کە شوێن جێگای ئارەزوو نییە یان پێویست نییە، بەڵکو پێویستە، بۆیە دەبینین بارو مەرجی پێویست بۆ بازاڕ دابین دەکرێت، بۆ ئەوەش بازاڕی سەوزەفرۆشی ناوەندی و بازاڕی زێڕینگرەکان و لە بواری بازاڕی دارایش زاراوەی بۆرسەی کاغەزە داراییەکان (Stock Exchange) بەرچاو دەکەوێت، کە پێشی دەگوترێت بازاڕی دارایی ڕێکخراو (Organized Financial Market) .



fppt.com

# دووەم: جۆرەکانی بازاڕ

لە سیستەمی ئابووریدا سێ جۆر بازاڕ بەرچاو دەکەوێت، کە بریتییە لە:

بازاڕی هۆیەکانی بەرهەم هێنان (Factors of Production Markets):

لێرەدا مامەڵەی کڕین و فرۆشتن بە هۆیەکانی بەرهەم هێنان دەکرێت، وەك زەوی و کارو لێهاتووی کارگێڕی و زانیارییەکان.......هتد. ئەم بازاڕەش یارمەتیدەرە بۆ دابەشکردنی هۆیەکانی بەرهەم هێنان و دابەشکردنی داهات.

بازاڕی بەرهەمەکان (products markets):

ئەم بازاڕە بۆ بازاڕی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان دابەش دەبێت، هەرچی بازاڕی کاڵایە، ئەوە مامەڵە بە کاڵا جۆراو جۆرەکان دەکات، وەك جلوبەرگ و خۆراك و کتێب و کەلوپەلی ناو ماڵ و هۆیەکانی گواستنەوە و.......هتد. بەڵام بازاڕی خزمەتگوزاری (service market)، بریتییە لە خزمەتگوزارییەکانی وەك گەیاندن و ئەنتەرنێت و بۆرسەو ......هتد.



fppt.com

## ج. بازاڕی دارایی (Financial market):

بەشێکی گرنگە لە سیستەمی دارایی و لەمانەی خوارەوە پێك دێت:-

**١- یەکەکانی زێدە (surplas units):**


بریتییە لە یەکە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە خاوەندارییەتی پارەی زێدە دەکەن، بۆ نموونە کەسە دەوڵەمەندەکان و ئەو کۆمپانیایانەی کە قازانجی زۆر بەدەست دەهێنن، هەر ئەو یەکانەش پارە بۆ ئابووری وڵات دەستەبەر دەکەن.

**٢- یەکەکانی کورتهێنان (Deficit Units):**

بریتییە لەو یەکانەی کە پارەی خۆیان (تاکەکان، دامەزراوەکان، حکومەت) بەشیان ناکات بۆ بەدیهێنانی ئارەزوو جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان، بۆیە ناچار دەبن پەنا بۆ یەکەکانی زێدە ببەن بۆ دابینکردنی دارایی پێویست.

**٣- دامەزراوە ناوەندەکانی دارایی (Intermediary Institutions):**

بریتییە لەو دامەزراوانەی کە یارمەتیدەرن لە گواستنەوەی دارایی لە یەکەکانی زێدە بۆ یەکەکانی کورتهێنان، بۆ نموونە کۆمپانیاکانی دڵنیایی هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی قیستەکانی دڵنیایی و بەشێکی لە زیادەکەی بەقەرز دەدات، بەهەمان شێوە بەنکەکان سپاردە وەردەگرن (یەکەی زێدە) و بەشێکی بەقەرز دەدات (یەکەی کورتهێنان).



fppt.com

**٤- دامەزراوە یارمەتیدەرەکان:**

بریتییە لەو دامەزراوانەی کە یارمەتی دەرن بۆ جێبەجێ کردنی گواستنەوەی دارایی لە یەکەکانی زێدە بۆ یەکەکانی کورتهێنان، لە گرنگترین ئەو دامەزراوانەش بازاڕی داراییە (Financial market).

**٥- سیستەم و یاسا و ڕێنماییەکان:**

ئەمانەش کرداری کڕین و فرۆشتنی کاغەزە داراییەکان جێبەجێ دەکات.

٦- ئەو دامەزراوانەی کە سەرپەرشتی بەجێهێنان و چاودێری جێبەجێکردنی سیستەم و یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە فرۆشتن و کڕینی کاغەزە داراییەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەنجام دەدەن.



fppt.com

- ئینجا لێرەدا دەتوانین بازاڕی دارایی بەوە پێناسە بکەین ،کە

- بریتیە لەو شێوازەی کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین کڕین و فرۆشتنی هەبووە داراییەکان ئەنجام بدەین یان خزمەتگوزاری دارایی پێشکەش بکەین.

fppt.com

# سێیەم: ئەرکەکانی بازاڕی دارایی ویایەخەکانی:

گرنگی بازاڕی دارایی بەشێوەیەکی گشتی لەو ڕۆڵە سەرەکییە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ژیانی کەسەکان و هەموو بوارەکانی ژیان لە وەبەرهێنان و پاشەکەوتکردن و پێدان و سیاسەتی نەختی دەبینێتەوە. هەروەها یارمەتیدەرە بۆ گواستنەوەی پاشەکەوتی کەس و دامەزراوەکان (یەکەکانی زێدە) بۆ وەبەرهێنەکان لە کەس و دامەزراوەکان و حکومەت (یەکەکانی کورتهێنان). ئەم ڕۆڵەش زۆر گرنگە بۆ ئابووری و گەشەسەندنی.

سەبارەت بە ئەرکەکانی دارایی، ئەوەبریتییە لەمانەی خوارەوە:

**١. هاندانی پاشەکەوتکردن:**

هانی کەس و کۆمپانیاکان لەسەر پاشەکەوتکردن دەدات، ئەویش لە ڕێگەی ئاسانی گۆڕینی پاشەکەوتەکان بۆ وەبەرهێنان لە پشك و قەواڵەکان .......هتد، بۆ بەدەستهێنانی داهاتێکی گونجاو.

**٢. پاراستنی سامان و گەشەپێکردنی:**

پشك و قەواڵەکان....... هتد، کە مامەڵەیان پێدەکرێت لە بازاڕی دارایی، شێوازێکی گرنگە بۆ پاراستنی هێزی کڕین تا کاتی فرۆشتنی لە ئایندە دێت، ئاشکرایە کاغەزە داراییەکانیش لەناو ناچن و داناخورێن بە تێپەڕبوونی کات، بەڵکو بە پێچەوانەوە قازانج دەداتە دەستەوە، بۆیە یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەشەی سامان.

**٣. ئاسانکاری بۆ بەدەست هێنانی پارەی بندەست:**

بازاڕی دارایی ئامرازێکی گرنگە بۆ گۆڕینی ئامرازە داراییەکان (پشك و قەواڵەکان.......هتد)بۆ شێوەی نەختی.



fppt.com

**٤. ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی متمانە:–**

مەبەست لەمە بریتییە لە بە قەرزدانی پارە و بەڵێن دان بە دانەوەی لە ئایندە، بۆ ئەمەش بازاڕی دارایی ئامرازی جۆراو جۆر ی متمانەی هەیە و ئەوەی داوای بکات، دەتوانێت بەدەستی بهێنێت، ئەگەر مەرجەکانی تێدا بێت.

**٥. ئاسانکاری پێدان:**

بەهۆی ئامرازەکانی (کۆمپیاڵەکان و پسولەی سپاردە.....هتد)، کە بۆ دانەوەی قەرزەکان بەکار دەهێنرێت.

fppt.com

## ٦. یارمەتیدەرە لە کەم کردنەوەی مەترسییەکانی وەبەرهێنان:

مەترسیەکانی وەبەرهێنان بە یەکێك لەو شێوازانەی خوارەوە کەم دەبێتەوە:

**أ- دڵنیایی** (**Insurance**):- ئەمە بۆ پڕکردنەوەی ئەو مەترسییانەیە، کە ڕوودەدات ،وەك : ئاگرکەوتنەوە، دزیکردن، دڵنیایی.....هتد، بەتایبەتی لەبواری وەبەرهێنانی ڕاستەقینەدا.

**ب- هەمەجۆرکردن** (**Dirersification**): واتە هەمەجۆرکردنی بوارەکانی وەبەرهێنان، ئەمەش بریتییە لەوەی نابێت وەبەرهێن هەموو داراییەکەی لە یەك کۆمپانیا وەبەر بهێنێت، بەڵکو پێویستە هەمەجۆری بکات، واتە بەشێك لە داراییەکەی لە پشکەکان و بەشێکی تری لە قەواڵەکان و بەشێکی تریشی لە کاغەزە بازرگانی و بڕوانامەکانی سپاردە وەبەربهێنێت، بەمەش وەبەرهێن مەحفەزەیەکی وەبەرهێنانی هەمەجۆری دەبێت.



**ج- گرێبەستەکانی ئایندە** (**Hedging**): واتە چوونە نێو گرێبەستەکانی ئایندە، ئەوانەی پەیوەندیدارن بە نرخی دراوە بیانییەکان و نرخی پشکەکان، کە ڕەنگە لە ئایندە نرخییان دابەزێت.



fppt.com

## ٧. پارمەتی دەرە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی نەختی:

ئەویش لەڕێگەی بەنکی ناوەندی، بۆ ئەمەش بەنکی ناوەندی شێوازی کردارەکانی بازاڕی واڵا ( Open Market Operations)، مەبەست لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر بێتو بەنکی ناوەندی ویستی دیاردەی هەڵاوسان کەم بکاتەوە، ئەوە دەست دەکات بە کێشانەوەی دراو لە دەستی هاوڵاتیان، ئەویش لە ڕێگەی خستنەڕووی قەواڵە حکومیەکان و ڕێپێدانی خەزینە لە بۆرسەی داراییدا و فرۆشتنی بە هاوڵاتیان بە نرخێك کە دەسهاتی بەرزیان بۆ مسۆگەر بکات، بەڵام ئەگەر هاتوو ئابووری تووشی بێ بازاڕی بوو، ئەوە هەڵدەستێت بە زیادکردنی لێشاوی پارە بۆ ئابووری وڵات، ئەویش لەڕێگەی کڕینی قەواڵە و کاغەزە داراییەکانی دیکە.

fppt.com